# بۆ دەنــــگ نــــادەم

فـەهـد گــردەوانی

2005/12/14 ستۆکهۆڵم

**حیزبی شیوعی کوردستان لە لیستەیەک دابەزیووە {لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە 730} کە حیزبەکەی ماموستا عەلی باپیر کۆمەڵەی ئیسلامی لە گەڵە...چۆن بۆ عەلی باپیر دەنگ بدەم کە دەسەڵات بگریتە دەست و سبەی لەناو پەرلەمان{بە دیموکراسیانە} دژی سروودی ئەی رەقیب چەق دادەنیشی و ریز لە ئاڵا و سروودی نیشتمانی نەگریٚ...باوەڕیشی بە مافی چارەنووسی کورد نیە...باوەڕی بە ئەی کریٚکارانی جیهان یەکگرن نیە ، جا ئەو هاوپەیمانی و هاو خەباتیە مانای چی یە.... با شیوعی و لیبرالی و دیموکرات هەر دەنگ نەهیٚنن...من دژی ئەوەم دین و دەوڵەت تیٚکەڵاو بکریٚت ، بەریٚز عەلی باپیر و کۆمەڵەکەی ئیماراتی ئیسلامیان دەویٚت و لەو پیٚناوە بیٚوچان خەبات دەکەن ، جا با شیوعییەکانی کوردستان لەژیٚر سایەی ئیمارات بحەسیٚنەوە منیش هەر ئاوارەی وڵاتان...حیزبی مەسیحی دیموکراتی ئەڵمانیا هەوڵ نادات ئەڵمانیا بکاتە کەنیسەستان ،ئەوە ژنەکی بۆخۆی کردە سەرۆکی حیزب ... ئەوەی دژی مەسیح و کەنیسەشە بۆی هەیە ببیٚتە ئەندام و لەو حیزبە بە ئازادی خۆی کاربکات ، رۆژی یەکشەمووانیش مەرج نیە هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە سەردانی کەنیسە بکەن ، بەرنامەی سیاسی خۆی هەیە و قەتوقەت داواناکات کەنیسە دەسەڵاتی لە دەوڵەتدا زیاتربیٚت...ئەریٚ حیزبەکەی عەلی باپیر یەک دانە مەسیحی قەبووڵە وەکو ئەندام ، یا دەچیٚتە شارۆچکەی عەنکاوە و بارەگای حیزبەکەی لەتەنیشت کەنیسە بکاتەوە ، لە ئەڵمانیا و لە سویٚد بارەگای حیزبە مەسیحیەکان لەتەنیشت مزگەوتەکان دەکریٚتەوە و هیچ گرفتەکیش نیە کە موسڵمانان مزگەوتی خۆیان لەو ئەوروپایە لە تەنیشت بارەگای حیزبە مەسیحیەکان دروست بکەن...ئەو لیستە هاوپەیمانیە لەسەر باسوخواستی کوردستان هاوپەیمان ویەک دەنگ نیە، شتیٚکی تیٚکەڵاوە ئەوانە لەسەر دەستووری کوردستان هاودەنگ نین هەریەکە بە جۆریٚک سەیری دەستوور دەکات...هەردوو زلحیزب دوو حکومەتیان بۆ نەکرا بەیەک ، ئەگەرچی لەسەر دەنگدانی یەکەم نزیەکەی ساڵەکی دەوامکرد...ئەو شەریکاتیە زوو تیٚک دەچیٚ...پرسیار گەلیٚک زۆرە ، ئایا... لەسەر گەندەڵی هەر هەموو بەشدارن یا تەنها هەردوو زلحیزبەکە، لەسەر جیٚبەجیٚ نەکردنی ئەو کەماسیەی لە کوردستان هەیە هەر هەموو بەشدارن یا هەر دوو زلحیزبەکە...ئەو زیندانیانە...ئەو داراییانە ... کار بۆ بیٚکاران ...هەر هەموو پرسەکان کیٚ دایدەمەزریٚنی و کیٚ رەخنەی لیٚدەگریٚ و کیٚ چاودیٚری دەکات...ئەگەر جلەوی دیموکراسی لە کوردستاندا خوار رۆیشت کیٚ راستی دەکاتەوە زلحیزبەکان یان ئەوانەی تر...ئەگەر خەڵکی کوردستان وەکو خەڵکی جۆرجیا و ئۆکرانیا هاتنە سەر شەقام و بە چەپڵەریٚزان بای بای لەو دوو زلحیزبەکرد کیٚ دەسەڵات دەگریتە دەست و کاری دەوڵەت کیٚ بەڕیٚوەی دەبات...ئەگەر بەریٚز مام جەلال نەبیٚتە سەرۆککۆماری عیٚراق و بگەڕیٚتەوە کوردستان ، شویٚنی سیاسی لەکویٚی کوردستان دەبیٚ ، دەبیٚتە ئەمینداری گشتی تەنها یەکیٚتی نیشتمانی کوردستان یا...بەریٚز کاک مەسعوود ئەو شویٚنە واتە سەرۆکی هەریٚمی کوردستان بەجیٚ دەهیٚڵی ئەو شویٚنەی نەمیٚنیٚ دەبیٚتە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان یا... ئەگەر شیوعیەکان بە تەنها بوانایە دەنگم دەدا پیٚیان...حیزبی شیوعی عیٚراق لەگەڵ لیستەیەک دابەزیووە کە ئەیاد عەلاوی سەرپەرشتی دەکات...هەموو پروپاگەندەی لیستەکەی بۆ خۆیەتی و بە یەک ووشەش باسی بەرنامەی حیزبی شیوعی عیٚراق ناکات...خۆ هەموومان لە ماوەی رابردوو عەلاویمان بینی چۆن حوکمی دەکرد ، جا چۆن دەنگ بدەم بە کۆنە بەعسیەک کە دەستی هەتا بن ملی بە خویٚنی شیوعییەکان سوورە...هەتا حەفتایەکان هەر بەعسی بووە ئەوکاتەی شیوعی تیٚرۆر و دەکوژران و کوردستان ئاگرباران دەکرا ئەو ئەندامی حیزبی بەعس بووە ...ساڵی 1973 لەسەرەتای دامەزرانی بەرەی نیشتمانی دژی سیاسەتی حیزب بووم کە خویٚندکارانیان هەڵوەشاندەوە جا بۆ دەنگی بدەمیٚ ئەمجارە ئەیاد عەلاوی زیندوو بکەمەوە ئەمەش دژی ئەو پرەنسیپانەیە کە من باوەرم پیٚیان هەیە رەنگە زۆر لە شیوعییەکانیش لەو باوەرە دابن بەڵام دەبیٚ دەنگ بدەن تا بەشداربن پرۆسیٚسی حیزبایەتی ...پرۆسەی دەنگدان پرۆسەیەکی دیموکراتیانەیە...دەنگدان مافیٚکی تەواوی تاکە، مرۆڤ دەنگ دەدا بەو کەسەی یا بەو لیستەی باوەڕی پیٚی هەیە...دەنگ نادەم بۆ لیستەک کە خزمەتی بیروڕای من نەکات...عەلاوی بۆ کەرکوک چی کرد ...مەخموور هیٚشتا سەر بە**

موسڵە...ئەوەندە بۆ کۆنە بەعسیەکان هاواریەتی ئەوەندە باسی زەرەرمەندانی ئەنفاڵ و هەڵەبجە و گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەرتاسەری ناکات...بۆ فەلوجە 500 میلیون دۆلاری بۆ دادانێ ..کەرکوکیش 200 میلیون کەچی هێشتا سەرف نەکراوە..ئەمانە نموونەی بچووک بچووک...سەرۆکی عێراقم کورد بوو ، وەزیری دەرەوەی عێراقم کورد بوو ، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقم کورد بوو ، جێگری سەرۆکی نیشتمانی عێراقم کوردە ، وەزیری ئاو و کار و نەخشەکیشان و..هتد هەموو کوردبوون ، سەرۆکی لەشکری عێراقم کوردبوو ، ئینجا هەر ئەوەندە کرا کەوا لەبەرچاوانە، جا هیچ لەوانە ئەمجارە نایەتەدەست چی دەکرێت...باری کەرکوک بەو ناخۆشیە رەوانەی ساڵی تر کرا، هیچ ناوچەیەکی تەعریبکراو بە رەسمی نەخرایەوە سەر نەخشەی کوردستان ، جا بەبێ ئەو هەموو زللێپرسراوە چیتر دەکرێت...ئەو هەموو زللیپرسراوە ئینجاخەریک بوون 249000دەنگ لە کەرکوک جارێکی تر بخنکێنرێت ،گوایە کۆمیسیونی باڵای دەنگدان فێڵیان کردووە...ئەی کەستان لەو پۆستانە دەرنەچن چیتان بۆ دەکرێت...دەکرا شیوعیەکانی کوردستان و عێراق پێکەوە بە لیستێکی هاوبەش بێنە خوارێ و با دەنگیش نەهێنن خۆ ئەوکاتەی لە عێراقی دیموکراسی و تازەدا دەکرا رەخنە لە داروبەرد بگرن ، ئەگەر بێت و سەرپێچی یاسایی بکرێت یا دزی و گەندەڵی بکرێت ، گەلۆ ئێستاکە هەردوو حیزبی شیوعی دەتوانی رەخنەیەکی بچوکیش ئاراستەی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە بکات...چەند کەس هەیە لە ژوورەوە پڕ بەدڵ بۆ ئەو بارە خەم دەخوات کە نەیتوانی دەنگی خۆی بدات.

لە هەشتاکان هەتا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ، لە سوێد دەنگم دەدا بە حیزبەک ناوی (APK ) پارتی کرێکاری کۆمۆنیست بوو، ئەو حیزبە هەردەم لە دەنگدان بەشدار بوو بەڵام هیچ کات 4%دەنگی نەدەهێنا تا ببێتە ئەندام لە پەڕلەمان ، هیچ جارەکیش لەگەڵ حیزبی (VPK ) پارتی چەپی کۆمۆنیست بە لیستەیەک نەدەهاتە خوارێ ئەگەرچی پارتی چەپ 4%دەنگی زیاتر دەهێنا و نوێنەری هەبوو لە پەرلەماندا...کە یـەکێتی سـۆڤیەت هەڵوەشاوە بۆمن سیاسەتی (VP )نزیکتر بوو لە سیاسەتی سۆسیال دەموکراتەکان بۆیە هەتا ئەمڕۆکە دەنگ دەدەم بەوان ئەگەرچی ناوی کۆمۆنیستەکەشیان لەخۆیان دابڕی...ئەو پارتی کرێکاری کۆمۆنیستە(APK )بۆ پشتگیری کوردستان و فەلەستین و شیللی و ئێران و ئەفریقای خواروو و نیکاراگوا و لە یەکی ئایار و ..هتد لە پێشەوەی پێشەوەی خۆپیشانداران بوون ، هیچ کات هەستیان نەدەکرد کە لەدەرەوەی دەسەڵاتدان...هەردەم واهەستیان دەکرد کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایان دامەزراندووە...بە دڵی خۆیان رەخنەیان لە دەوڵەت و دەسەڵات دەگرت کاتێک بۆلای رۆژئاوا و ئەمریکا و هێزی ناتۆ خۆیان دەشکاندەوە سەدێری رۆژنامەکەیان بە توندی رەخنەیان دەگرت و بۆ خەڵکی سیاسەتی خۆیان روون و ئاشکرا دەکرد....لە باری ئاشتی جیهانی هەردەم کۆمیتەی ئاشتی سوێد زۆرینەی ئەندامانی ئەو حیزبە بوون...هەردوو حیزبی شیوعی عێراق و کوردستان بۆیان دەکرا واز لە کورسی حوکم بهێنن و خۆیان بدەنە بەرەی گەل بۆ ریسواکردنی گەندەڵی و دزی لە عێراق و کوردستان ، بەڵام

بەداخەوە.................................!!!!!!!!!!!!